## دێرسم لە یادگارییەکانی موسا عەنتەردا

**وەرگێرانی لە تورکییەوە: ماشەڵڵا دەکاك و هەوار ئیسماعیل**



ڕۆژی ٤ـی ئایار، ساڵڕۆژی کۆمەڵکوژی دێرسمە. ئەو کۆمەڵکوژییە کە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دێرسم لەساڵی ۱۹۳۷ بەسەرۆکایەتی سەید ڕەزای دێرسم ڕوویدا، بەپێی لێکدانەوەکان زیاتر لە ۷۵ هەزار کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە کۆمەڵکوژکران.

نووسەر و ڕۆشنبیری نێوداری کورد موسا عەنتەر، ناسراو بە (ئاپێ موسا) لە کتێبە تورکییەکەیدا بەناونیشانی (یادگارییەکانم) باس لە کۆمەڵکوژی دێرسم دەکات. ئەو دەڵێ، "کاتێك لە ئادانا بووم، دوو ڕووداوی سیاسی گرنگ ڕوویاندا کە کاریگەرییان لێکردم، یەکێکیان پرسی هاتای و ئەوەی دیکەشیان سەرهەڵدانی دێرسم بوو".

موسا عەنتەر، کە ڕۆژنامەڤان و تێکۆشەرێکی نێوداری کوردستان بوو، ڕۆژی ۲۰ی ئەیلولی ۱۹۹۲ لە شاری ئامەد تیرۆرکرا. کوشتنی موسا عەنتەریش چووە نێو دۆسیەی " بکوژانی نادیار"دا، کە دواتر گرووپی ئەرگەنەکۆن پێی تاوانبارکرا.



موسا عەنتەر

موسا عەنتەر بەوشێوەیە باس لەو ڕووداوانە دەکات:

ئەوکاتە سووریا ژێردەستەی فەرەنسا بوو، بەڵام ئەو ژێر دەستەییە لە ژێردەستەییەکانی دیکەی فەرەنسا نەدەچوو، چونکە کاتێك سووریا لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی

عوسمانییەکان دەرهێنرا، لەلایەن کۆمەڵەی گەلان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ وەك ماندات درابووە فەرەنسا. ئانتاکیا و ئیسکەندەروونیشی لەگەڵ بوو.

ئەو وادەیەی فەرەنسییەکان لە ساڵی ١٩٣٨ بەرەو کۆتایی دەچوو.

وەك باسدەکرێت، فەرەنسا بەگوێرەی دۆستایەتی نێوانیان، لە بەرژەوەندی خۆیدا دڵی تورکیای خۆشکردووە. ئەو گوتەیەی کە تورکیا راستەوخۆ دەیڵێ "هەتای خاکی ئێمەیە" ئەو راستییەی دەسەلماند. تاوەکو ئەو رۆژە لە هیچ کاتێك و لەنێو خەڵکدا بە ئێرە نەگوتراوە هاتای. وەك چۆن بە کورد دەڵێن "کورد تورکن" بە عەرەبەکانیشیان گوت "ئێوە تورکن". گوتیان لە ئاسیای نێوەڕاست لە هەرێمی مەغۆڵستان شوێنێك هەیە بە ناوی هاتای و ئێوەش لە وێوە هاتوون". وایان بە عەرەبەکان گوت، هەڵبەت جوتیارەکانی ئەو ناوچەیە هیچ شتێك لەو قسانە تێنەدەگەیشتن.

تەنانەت رۆژێك گردبوونەوەیەکیان سازدا بوو. لە گردبوونەوەکەدا مستەفا بەگ، خاوەنی کارگەی جوتیارانی ئادانا چووبووە سەر سەکۆ. کابرای داماو چووە سەر سەکۆ، بەڵام تورکی نەدەزانی. سێ-چوار جار دەستی نا بە سینگییەوە و گوتی"وەڵڵا ئێمە تورکین، بیللا ئێمە تورکین، بە قورئان ئێمە تورکین". زۆر پێیەوە دیار بوو، پێیگوترابوو کە دەبێ بڵێیت "ئێمە تورکین".




**بە راپرسی ئیسکەندەروون کرایە کۆمار**

لەو ماوەیەدا ئەتاتورك دوو جار هاتە ئادانا. ئێمە لە نزیکەوە ئەومان بینی. لە هەرێمی هاتای راپرسییەك کرا. بە چاوپۆشیکردنی فەرەنسییەکان، لە راپرسییەکەدا تورکەکان دەنگی زیاتریان لە عەرەبەکان هێنا. ئانتاکیا، ئیسکەندەروون و دەوروبەری هاوشێوەی کۆماری قوبرسی باکوور سەربەخۆ بوو.

تەیفور سۆکمەن، بووە سەرۆککۆمار و عەبدولڕەحمان مەلەك، بووە سەرۆکوەزیرانی ئەو کۆمارە. پەرلەمان و کابینەی حکومەتیش پێکهێنران. دەستوور داڕێژرا. لە یەکێك لە ماددەکانی دەستووردا نووسرا "هاتای بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمان، لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا کە دەیەوێت دەتوانێ یەکبگرێت".

بێگومان لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە تورکیا دەکرا. دوای ماوەیەکی کورت بڕیارێکی لەو جۆرە درا و هاتای بووە بەشێك لە تورکیا. دواتر ئاشکرابوو کە تەیفور سۆکمەن، سیخوڕی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی تورکیا بووە.

هەمان ساڵ لە دێرسم سەرهەڵدان دەستیپێکرد. لەوبارەوە بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات ژمارەیەکی زۆر کتێب نووسران. هەڵبەت لە تورکیا ئەو مژارە بەلادان لە راستییەکان نووسراوەتەوە. پەیوەست بەو رووداوە کاتێك لە قۆناخی ئامادەیی ئادانا دەمخوێند، تووشی رووداوێك بووم و بەهۆی ئەو رووداوەوە بۆ یەکەمینجار دەستبەسەرکرام.



وێنەی مێژوویی کۆمەڵکوژیی دەرسیم

**نەوەی بەسێ**

رابەری سەرهەڵدانی دێرسم سەیدا رەزا بوو. رێزدار (بەسێ)ی هاوژینی لە شەڕی پارتیزانیدا فەرماندەیی یەکەیەکی دەکرد. هەموو رۆژێك لە چاپەمەنییەکانی ئیستەنبووڵ بەشێوەیەکی بێ رێزانە هێرشی دەکرایە سەر. ئەو هێرشانە منیان زۆر خەمبار دەکرد. لە بەرامبەر ئەو هێرشانە ناڕەزاییم پێشاندەدا. هاوڕێیەکانم دەرکیان بەوە دەکرد. نیو بە گاڵتە و نیو بە جیدی پێیاندەگوتم "نەوەی بەسێ"، هەروەها رۆژێك لە پۆلدا لەسەر کاخەزێك نووسیبوویان "نەوەی بەسێ" و کاخەزەکەیان بە پشتی منەوە نووساندبوو. دوای ئەوەی مامۆستا لە پۆل رۆیشتە دەرەوە، بە حلکە حلك و پێکەنین گاڵتەیان پێکردم. شەوێکیش نۆ دە هاوڕێم پێکەوە بە یەك دەنگ هاواریان کرد و بێ رێزییان بە بەسێ کرد. منیش لە شوێنی مامۆستا وەستام و بە دەنگێکی بەرز چەند جارێك لەسەر یەك بێ رێزیم بە زوبەیدە کرد (زوبەیدە دایکی ئەتاتورکە)، دواتر دەستمان لە گاڵتەجاڕی بەردا، بەڵام کەنعان، کوڕی مفەوەزی ناوەندی پۆلیسی کوروکۆپروی ئادانا دەستبەجێ رووداوەکەی بۆ باوکی گێڕابووەوە. دواتر تیمێکی پۆلیس هاتن بۆ قوتابخانە و منیان برد بۆ ناوەندی پۆلیس. لە وێ بۆ ماوەی ١٥ رۆژ دەستبەسەر کرام، ئەمە زیندانیکردنی یەکەمم بوو.


ر

ڕێبەری سەرهەڵدانی دەرسیم سەید ڕەزا بوو

دوای ماوەیەك زانیم كە بەڕێوەبەری قوتابخانەكەمان چووەتە لای والی و پێیگوتووە "والی بەگ، منداڵەكان لەبەرئەوەی دەیانزانی مووسا كوردە، (بەسێ)یان بە داپیرەی داناوە و بێڕێزییان پێكردووە. ئەویش، هاوڕێیەكانی خۆی وەك تورك قبوڵكردووە و زوبەیدەی دایكی ئەتاتوركیشی بە نەنكیان داناوە و بەهەمانشێوە وەڵامی داونەتەوە. لەو بێڕێزیكردنەدا مەبەست ئەتاتورك نییە. وەك هاوڕێیەكانی وەڵامی داوەتەوە". لەبەرئەوەی دوو كوڕی تۆفیق هادی، والی لە هەمان قوتابخانە بوون، والی بێ دڵی بەڕێوەبەرەكەمانی نەكردووە و بەوشێوەیە ئازاد كراوم. لەو سەردەمەدا پۆلیس دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو كەسێك بەر لەوەی ببرێتە بەردەم دادوەر، بۆ ماوەی ٦ مانگ بە دەستبەسەركراوی بیهێڵێتەوە.

بەڕێوەبەرەكەمان خۆی هات بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و منی هێنایە دەرەوە. لە ڕێگە دوو ئامۆژگاری كردم. یەكێكیان، باسنەكردنی ئەم ڕووداوە بۆ هیچ كەسێك، ئەوەی دیكەشیان، زۆر هەوڵدانم بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو وانانەی لە دەستم دابوون.



**سەید ڕەزا**

كاتێك گەڕامەوە بۆ قوتابخانە، نۆ هاوڕێم كە لە ڕووداوەكەدا تێوەگلابوون، لە قوتابخانە دوور خرابوونەوە. وامدەزانی ڕووداوەكە كۆتاییهاتووە، دوو مانگ بەسەر ڕووداوەكەدا تێپەڕیبوو. ڕۆژێك بانگكرام بۆ ژووری بەڕێوەبەر. كە ڕۆیشتمە ژوورەوە، پیاوێكی بیانی دانیشتبوو، ئەو كەسە داواكاری گشتیی ئادانا بوو. كاغەزێكی دەرهێنا و خوێندیەوە، پێی واژۆكردم. لە ئەتاتوركیان پرسیووە، داوای لەسەر من هەیە یان نا، ئەویش گوتوویەتی نەخێر داوام لەسەری نییە. داواكاری گشتیی پێیگوتم "بڕوانە كوڕم، ئەتاتورك لێت خۆشبووە،جارێكی دیكە هەڵەی وا نەكەیت". بە سارد و سڕی سوپاسی داواكاری گشتییم كرد و دەستی بەڕێوەبەرەكەم ماچ كرد و لە ژوورەكە چوومە دەرەوە.

**باتوور و گۆكچەن**

رووداوەکانی دێرسم کاریگەری لە هەموو کوردێکی بەشەرەف کردبوو. ئەوەندە تاوان و کۆمەڵکوژی ئەنجامدرابوو، مەحاڵ بوو مرۆڤ پێی خەمگین نەبێت.



وێنەی مێژوویی کۆمەڵکوژیی دەرسیم

دوای ئەوەی لێرە بە کورتی باسی دوو لە ئەنجامدەرانی ئەو رووداوە دەکەم، دەمەوێت یادگارییەکی خۆم بگێڕمەوە کاتێك خوێندکاری زانکۆ بووم.

یەکەمیان دەمەوێت باس لە کتێبەکەی موحسین باتوور، فەرماندەی پێشووی هێزی ئاسمانی بکەم کە بە ناونیشانی (پاش پەردەی سێ قۆناخ-یادگاری و بۆچوونەکانم) کە لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن وەشانخانەی مللییەتەوە چاپکراوە.

باتوور لە کتێبەکەیدا بە کورتی دەڵێ "ساڵی ١٩٣٨ ملازم بووم لە ئەلعەزیز. بە فەرمانێك کە لە ئەنقەرەوە بۆم هات، لەگەڵ یەکە سەربازییەکەم بەشداریم کرد لە رووداوەکانی دێرسم، بەڵام داوای لێبووردن لە خوێنەرانم دەکەم، ئەم لاپەڕەیەی ژیانم نانووسمەوە".

ئەو فەرماندەیە ناهەقی نییە، بە چ رووییەکەوە باسی ئەو رۆژە دەستبەخوێناوییانەی خۆی بکات.




دووەمیان سەبیحە گۆكچەن، كە یەكەمین فڕۆكەوانی ژنە لە توركیا و كچی مەعنەوی ئەتاتوركە. لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٠ لە بەرنامەیەكی تەلەڤیزیۆنیدا كاتێك باسی یادگارییەكانی خۆی دەكات، وەك ئاماژەیەكی ناڕاستەوخۆ باس لە رووداوەكانی دێرسم دەكات و دەڵێ "بەشداریم لە رووداوێكدا كرد" و بەسەر رووداوەكەدا تێدەپەڕێت و باسی ناكات. ئەمە لە كاتێكدایە ئەو رووداوەی بەشداری تێدا كردووە، كۆمەڵكوژی دێرسمە كە بێ بەزەییانە ژنان و منداڵانیان بۆردوومان كردووە. بیرم دێت رۆژنامەكانی ئەو كاتە هەموو رۆژێك باسی قارەمانێتی سەبیحە گۆكچەنیان دەكرد و وێنەكانی ئەویان بە جلوبەرگی فڕۆكەوانی سەربازییەوە بڵاودەكردەوە. كاتێك ئەتاتورك لە ساڵی ١٩٣٨ هات بۆ ئادانا سەبیحە گۆكچەنیشم لە نزیكەوە بینی.

كاتی خۆی لە قۆناخی ئامادەیی سێ ساڵ و لە زانكۆش دوو ساڵ لە كۆتاییەكانی ساڵی خوێندندا بە درێژایی ٢٠ رۆژ دەچووینە كەمپی سەربازی پیادە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٤١ كەمپی زانكۆمان لە پەندیك بوو. لەوكاتەدا پەندیك گوندێكی بچووكی كۆچبەران بوو. هەر چوار دەوری بە دارستانەكانی زەیتوون دەوردرابوو كە لە رۆمەكان مابوونەوە. ئەو رۆژەی چووینە كەمپ، فەرماندەی كەمپەكەمان كۆیكردینەوە و داوای لێكردین دەستنوێژ بگرین. دوای ئەو رووداوە لەنێو هاوڕێكانمدا ئەو فەرماندەیە بەوە ناوی دەركەوت. كابرا ئەمەی بەر گوێ كەوت، بەڵام نەیتوانی رێگری لێبكات. نەخۆش كەوت و دوای هەفتەیەكیش رۆیشت. لە شوێنی ئەو رۆمەل عاسم ئەرەن كە كەسێكی توند بوو و لە "گەنەراڵی رۆمەڵی ئەڵمان" دەچووێنرا، بووە فەرماندەمان. بەجۆرێك مەشقی پێدەكردین وەك ئەوەی سەربازێك بین لە شەڕدا. بەردی دەخستە نێو جانتاكەمان و بارەكەی تاوەكو ٣٥ كیلۆ قورس دەكردین. رۆژێكیان بۆ ماوەیەكی زۆر بەپێ رۆیشتین. لە ناوچەی یاكاجك پشوومان دا. ملازم رەفیق توڵگا كە دواتر بووە گەنەڕاڵ و لە ئیستەنبووڵ بووە فەرماندەی حوكمی عورفی (باری نائاسایی) سواری ئەسپ بوو. هاوڕێیەكم بە ناوی ئارناڤوت سلێمان بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر لاسایی ئەسپی كردەوە و حیلاندی. ئەسپی ملازمەكە لەسەر دوو پێ وەستایەوە و ئەوەندەی نەمابوو لەسەر ئەسپەكە بكەوێتە خوارەوە. خۆی لێمان تووڕە كرد و گوتی "ناسنامەكەتم بدەرێ"، ناسنامەكەی لێوەرگرتم.

من ئەوسا لە هەمانكاتدا بە كامێرایەكەوە وەك پەیامنێری رۆژنامەی (ڤاكیت) كارم دەكرد. عاسم ئوس خاوەنی رۆژنامەكە بوو. ئەم ئوس-انە سێ برا بوون و هیچ كامێكیان منداڵیان نەبوو. هەواڵێكم لەسەر فەخرەدین ئاڵتای فەرماندەی سوپا ئامادە كرد كە سەردانی كەمپەكەمانی كردبوو و لەگەڵ وێنەیەكدا بۆ رۆژنامەكەم نارد. بەو هۆیەوە عاسم ئەرەن منی خۆشدەویست. سلێمانی هاوڕێم زۆر ترسابوو. كە شەو داهات لە فەرماندەیی بانگیان كردم.

هاوڕێیەكانم زۆر خەمبار بوون، چونكە عاسم ئەرەن بە لێدانی خراپ ناسراوبوو. رۆیشتم، كاتێك عاسم ئەرەن چاوی بە من كەوت گوتی "وای. ئەوە تۆیی!"، گوتم "من نیم، لەسێدارەشم بدەن ناتوانم وەك ئەسپ بحیلێنم". پرسی "كەواتە كێ بوو؟". منیش گوتم، "فەرماندە رێگەم بدە با قسە بكەم. ئێوە لێرە فێری سەربازیی، مەردایەتی و پیاوەتیمان دەكەن، بەدەستەوەدان لە ئێمە دەوەشێتەوە؟ من نەبووم، چ سزایەكم دەدەن بیدەن، بەڵام من وەك سەربازێك هاوڕێیەكەی خۆم بەدەستەوە نادەم"، گوتی "ئافەرین كوڕم، بەڵام بەو كەرە بڵێ با جارێكی دیكە شتی وا نەكات".



وێنەی مێژوویی کۆمەڵکوژیی دەرسیم

**مولازم سەلاحەددین: هەزاران کوردمان لە مونزوور خنکاندن**

ڕۆژێکیان لە کەمپ بووین لە ژێر سێبەری درەختەکان پشوومان دابوو، ئەفسەر سەلاحەدین کە فەرماندەی فیرقەکەمان بوو بەجۆرێك کە لە هۆش خۆی چووبێت بەجۆشەوە قسەی دەکرد و گوتی دەمەوێت باسی یەکێك لە بەسەرهاتەکانی خۆمتان بۆ بکەم: "ئێمە لە دێرسم دەستمان بە ئۆپەراسیۆنێکی پاککردنەوە کردبوو. خیزانێکمان لە ئەشکەوتێکدا دۆزییەوە. باپیرە، باوك، دایك و منداڵێکی ٥-٦ساڵ بوون. گەورەکانمان بە قەمە پاککردنەوە، منداڵەکەمان نەکوشت گوتمان بەڵکو قسەیەکی لەدەم دەربێنین، چونکە نەمانتوانی هیچ وشەیەك لە دەمی گەورەکانی دێرسم وەربگرین. دەستبەجێ گەورەکانمان دەکوشتن، چونکە دەمانزانی قسەمان بۆ ناکەن. بۆ ئەوەی نەترسێ کاتێك باپیرە و باوك و دایکیمان کوشت منداڵەکەمان دوورخستەوە. هەڵماندەدا لەگەڵ منداڵەکەدا ببینە هاوڕێ، نانمان دایێ، چوکلێتمان دایێ، بەڵام نەیدەخوارد. لەوکاتەدا فڕۆکەیەکمان بەسەرماندا فڕی، ئەو منداڵەی گرتبوومان لە شوێنی خۆیەوە پارچە دارێکی هەڵگرت و وەك چەك بەدەستیەوە گرت و نیشانەی لە فرۆکەکەمان گرت. بەو رەفتارەی زۆر تووڕە بووم. فەرمانم دا و گوتم "ئەم زۆڵە پاکبکەنەوە"، سەربازەکان بە قەمە چوونە گیانی و دوای ئەوەی کوشتیان لە بەرزاییەکەوە هەڵیاندایە خوارەوە".



ڕووباری مونزوور

"ڕۆژێکی دیکە لە ناوچەیەکی بەرفراواندا ئۆپەراسیۆنمان دەکرد. هەزاران کوردمان لە ئەشکەوت و بن بەرد و کونەکان دەرهێنان و کۆکردنەوە. ئەفسەرەکەمان گوتی، ئەگەر هەموویان بە فیشەك بکوژین، فیشەکەکانمان خەسار دەبن و فیشەکی زۆرمان پێویستن، بۆیە فەرمانی پێداین هەموویان فڕێبدەینە نێو ڕووباری مونزوور و بیناخنکێنین. کوردە کۆکراوەکانمان بردن بۆ سەر پردەکەی سەر ڕووباری مونزوور، چونکە ڕووبارەکە لەو شوێنەدا زۆر قوڵ و هار و ترسناك بوو. کوردەکانمان بردنە ئەوێ و دەستمانکرد بە بەردانەوەیان بۆ نێو ڕووبارەکەوە. ئەوانەی خۆیان فڕێدەدا، خۆیان فڕێدەدا، ئەوانەش کە خۆیان فڕێنەدەدا، ڕاماندەکێشان و فڕێمان دەدانە نێو ڕووبارەکەوە. ئەوەی خۆی بچووایە، دەچوو. ئەوەی نەچووایە، بەر قەمەمان دەدا و هەڵماندەدایە نێو ڕووبارەکەوە. هەندێکیان لە تاو گیانی خۆیان بەجۆرێك خۆیان بە یەکەوە نووساندبوو پردەکەیان بەرنەدەدا. دەستوورم دا چەند چڵ و شوولکێك لە دار بەڕووە بەرزەکانی تەنیشت پردەکە ببڕن و فەرمانم بە سەربازەکان دا بەو چڵە دارانە لێیانبدەن تاوەکو لەسەر پردەکەوە خۆیان فڕێدەدەنە ڕووبارەکەوە. بۆ هەر ئەگەرێکیش لەژێر پردەکەدا سەربازم بە چەکەوە دانابوون. هەرکەسێك هەوڵی بدایەوایە بە مەلە خۆی ڕزگار بکات، سەربازەکان لێی دەهاتنە دەست و دەیانکوشت."

**ئەمەش لاپەڕەیەکی دیکەی خوێناوییە**



وێنەی مێژوویی کۆمەڵکوژیی دەرسیم

هەموو ئەمانە بۆ دووژمانیەتیکردنی مرۆڤ، چاندنی رق و کینە و هاوشێوەی ئەوەی لە ئایینی محەممەد دا هاتووە بۆ وەگرتنەوەی تۆڵە بە هەمان ئەندازە نانووسمەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دەینووسمەوە کە نەوەکانی مرۆڤ لە داهاتوودا نەفرەت لەم رووداوانە بکەن و جارێکی دیکە رەفتاری دڕندانەی هاوشێوە ئەنجام نەدەن. هەمان ئەفسەر بێ شەرمانە و بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە خۆیشی لە ئافرەتێك لەدایکبووە، باسی ئەوەی کرد کە چۆن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری دیکەدا دەستدرێژییان کردووەتە سەر کچە کوردێکی دێرسمیی تەمەن ١٢-١٣ ساڵان و شەهیدیان کردووە. کێ دەزانێ، رەنگە بەشێکی زۆر لەو ئەفسەرانە وەك فەرماندەی سوپا و هێز رەوانەی کوردستان کرابن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو